walamakan.com

# تاقیکردنەوەی

# ڕاستەقینەی خۆشەویستی

# پێغەمبەری خوا ﷺ


نوسینی

درید إبراهيم الموصلي

وەرگێڕانی

ستافی ماڵپەڕی وەڵامەکان

بسم الله الرحمن الرحيم

**الحمد لله وحده والصلاة والسلام على من لا نبي بعده . أما بعد**

هەموومان بەبێ یەک و دوو دەڵێین: «پێغەمبەری خوامان (ﷺ) خۆشدەوێت». ئامادەین سەلاواتی لەسەر بدەین، لە پێناویدا تووڕە ببین، و بە قسە بەرگریشی لێ بکەین..

بەڵام ئایا تا ئێستا بیرت لەوە کردووەتەوە کە خۆشەویستیی ڕاستەقینە تاقیکردنەوەیەکی زۆر لەوە قورستری هەیە؟

ئەم بابەتەی خوارەوە، تەنها وتارێکی ئاسایی نییە بیخوێنیتەوە و تێپەڕیت؛ بەڵکو ئاوێنەیەکە دەتخاتە بەردەم قورسترین پرسیاری ژیانت.

ڕاچەڵەکانێکە بۆ نەفس، و تەرازوویەکە بۆ پێوانەکردنی ڕاستگۆیی دڵەکانمان کاتێک کە «ئارەزووەکانمان» و

«فەرمانەکانی خوا و پێغەمبەرەکەی ﷺ » بەریەک دەکەون!

تکایە پێش ئەوەی دەست بکەیت بە خوێندنەوەی، دەرگای دڵت بکەرەوە و لەگەڵ هەر دێڕێکیدا بە ویژدانەوە کەمێک بوەستە و بزانە:

## خۆشەویستی ڕاستەقینەی بۆ پێغەمبەری خوا ﷺ چۆنە؟

زۆر ئاسانە بڵێیت: پێغەمبەری خوام (صلى الله عليه وسلم) خۆشدەوێت.

وە زۆر ئاسانە تووڕە ببیت کاتێک کەسێک بێڕێزیی پێ دەکات.

وە زۆر ئاسانە لە وەسفیدا بنووسیت، سەڵاواتی لەسەر بدەیت، و بگریت کاتێک گوێت لە ژیاننامەکەی دەبێت.

بێگومان ئەمانە هەمووی خێرن ئەگەر دڵ تێیاندا ڕاستگۆ بێت..

**بەڵام... خۆشەویستی تاقیکردنەوەیەکی تری هەیە! ⚠**

چی دەکەیت کاتێک سوننەتەکەی دێتە ڕێگات لە بابەتێکدا کە پێچەوانەی ئارەزووی خۆتە؟

- ◇ کاتێک تووڕەیت، بەڵام دەزانیت ڕێنماییەکانی ئەو فەرمانت پێ دەکات زمانت بگریت.
- ◇ کاتێک ناکۆکی و کێشە هانت دەدات بۆ ستەمکردن، بەڵام دینەکەی ئەو فەرمانت پێ دەکات دادپەروەر بیت.
- ◇ کاتێک دەتەوێت تۆڵە بکەیتەوە، بەڵام دەبینیت دەرگای لێخۆشبوون لەبەردەمتدایە.

◇ کاتێک نەریتێکی کۆمەڵایەتی بەدڵتە، بەڵام دواتر بۆت دەردەکەوێت کە پێچەوانەی ڕێبازی ئەوە.

◇ کاتێک حەق لەگەڵ کەسێکدایە کە تۆ هەرگیز خۆشت ناوێت!

◇ کاتێک سوننەتەکەی پێچەوانەی ئەو شتانەیە کە بە درێژایی چەندین ساڵ ڕاهاتووی لەسەریان.

◇ کاتێک دەقی شەرعی ڕووبەڕووی بەرژەوەندییەک دەبێتەوە کە خۆشت دەوێت، یان خوویەک کە پێی ئاشنایت، یان بۆچوونێک کە ماوەیەکی زۆر سەرسەختانە بەرگریت لێ کردووە.

**لەو کاتەدا لە ناختدا چی ڕوودەدات؟!**

لێرەدا پێویستمان بە ئامێرێکی کات نییە بمانگەڕێنێتەوە بۆ سەردەمی مەدینە...

وە پێویستیش ناکات خەیاڵی ئەوە بکەین کە ڕاستەوخۆ لەبەردەم پێغەمبەری خوادا (ﷺ) وەستاوین..

چونکە خوای گەورە پێوەرێکی بۆ جێهێشتووین کە زۆر لە خەیاڵ مەزنترە:

📜 **ئەویش ئەو وەحییە (قورئان و سوننەتە)یە کە پێغەمبەری خوا (ﷺ) پێی گەیاندووین.** ♡

## ئایەتێک کە دڵەکان ڕادەچڵەکێنێت! 📖 ✨

هەر لەبەر ئەمەشە ئایەتێک هاتووە کە دڵەکان دەهەژێنێت، خوای گەورە دەفەرموێت:﴿ فَلَا وَرَبِّكَ لَا يُؤْمِنُونَ حَتَّىٰ يُحَكِّمُوكَ فِيمَا شَجَرَ بَيْنَهُمْ ثُمَّ لَا يَجِدُوا فِي أَنفُسِهِمْ حَرَجًا مِّمَّا قَضَيْتَ وَيُسَلِّمُوا تَسْلِيمًا ﴿٦٥﴾﴾.

(واتە: نەخێر، سوێند بە پەروەردگارت ئەوانە باوەڕ ناهێنن، تاوەکو لەو کێشانەی لە نێوانیاندا ڕوودەدات تۆ نەکەن بە دادوەر و حاکم، پاشان لە ناخی خۆیاندا هیچ دڵتەنگی و ناڕەزاییەک بەرامبەر بەو بڕیارەی تۆ دروست نەبێت و بەتەواوی تەسلیم بن).

### 💡 ورد بنەوە لە ڕیزبەندییەکە:

تەنها نەیفەرموو: تۆ بکەن بە دادوەر.

بەڵکو دوای دادوەرییەکە فەرمووی: ﴿ بَيۡنَهُمۡ ثُمَّ لَا يَجِدُواْ فِيٓ أَنفُسِهِمۡ حَرَجٗا ﴾ (هیچ نارەزاییەک لە دڵیاندا نەمێنێت).

پاشان بابەتەکە لەوەش بەرزتر دەبێتەوە و دەفەرموێت:

﴿وَيُسَلِّمُواْ تَسۡلِيمٗا ﴾ (بەتەواویش تەسلیم بن).

کەواتە مەسەلەکە تەنها ئەوە نییە کە فەرمان و حوکمی پێغەمبەر (ﷺ) بزانیت.

یان تەنها فەرموودەکە لەبەر بکەیت.

یان تەنها بڵاوی بکەیتەوە..

**بەڵکو مەسەلەکە ئەوەیە: چی لە دڵتدا ڕوودەدات کاتێک حوکمەکە لە زەرەری تۆیە نەک لە قازانجت؟!**

لێرەشدا هاوکێشەیەکی زۆر ئازاربەخش دەردەکەوێت:

◇ لەوانەیە مرۆڤ لەبەردەم خەڵکیدا بەرگری لە پێغەمبەری خوا (ﷺ) بکات... بەڵام لە ناخی خۆیدا بە قورسی بزانێت کە تەسلیمی فەرمانەکانی بێت.

◇ لەوانەیە لەو کەسانە توورە ببێت کە تانە لە سوننەت دەدەن......... بەڵام کاتێک سوننەتێک پێچەوانەی ئارەزووەکانی خۆی بێت، دەست دەکات بە گەڕان بەدوای دەرچە و بیانوودا!

◇ وە لەوانەیە زۆر سەڵاواتیشی لەسەر بدات... بەڵام دوورترین کەس بێت لە ڕەحمەت و نەرمی و ئەدەب و دادپەروەرییەکەی ئەو.

## ⚠ تێبینییەکی زۆر گرنگ:

ئەمە بەو مانایە نایەت کە ئێمە حوکم بەسەر ئیمانی کەسەکاندا بدەین یان گومان بخەینە سەر نیەتەکانیان؛ بەڵکو مەبەستەکە ئەوەیە **کە خۆمان بخەینە بەردەم تەرازووی شوێنکەوتن.** چونکە هەموو کەمتەرخەمییەک لە جێبەجێکردنی سوننەتدا، مانای دوژمنایەتی نییە بۆ پێغەمبەر (ﷺ)، وە هەموو تاوان و سەرپێچییەکیش بە مانای ڕەتکردنەوەی پەیامەکەی نایەت؛

لەوانەیە باوەڕدارێک تاوانێک بکات لە کاتێکدا دان بە ڕاستیی حوکمەکەدا دەنێت، بەڵام لە ئاست نەفسی خۆیدا لاواز بووە، پاشانیش پەشیمان دەبێتەوە و تەوبە دەکات.

ئەمەش جیاوازییەکی زۆر گەورەیە و نابێت هەرگیز فەرامۆشی بکەین. ♡

## ئەو پێغەمبەرەی خۆشمان دەوێت.. یان ئەو پێغەمبەرەی شوێنی دەکەوین؟ ⚖️ ✨

جیاوازییەکی گەورە هەیە لە نێوان ئەو کەسەی کە حەق دەناسێت و باوەڕی پێیەتی، بەڵام نەفسی بەسەریدا زاڵ دەبێت (و هەڵە دەکات)، وە لە نێوان ئەو کەسەی کە حەق ڕەت دەکاتەوە تەنها لەبەر ئەوەی لەگەڵ ئارەزووەکەیدا یەک ناگرێتەوە!

- یەکەمیان: تاوانبارێکە و پێویستی بە تەوبەکردنە.
- بەڵام دووەمیان: چووەتە دەرگایەکی زۆر مەترسیدارترەوە کە پەیوەستە بە هەڵوێستی دڵ بەرامبەر بە حوکمی خوا و پێغەمبەرەکەی ﷺ..

هەڵبەتە هەر حاڵەتێکیش وردەکاری و حوکمی شەرعیی خۆی هەیە، وە بۆ ئێمە نییە پەلە بکەین لە حوکمدان بەسەر دیاریکردنی کەسەکاندا.

بۆیە مەبەست لەم قسانە ئەوە نییە کە بگەڕێین بەناو دڵی خەڵکیدا، بەڵکو مەبەستەکە ئەوەیە **هەریەکێک لە ئێمە بەناو دڵی خۆیدا بگەڕێت!**

ئێمە کام پێغەمبەر دەناسین؟

وێنەیەک بۆ پێغەمبەری خوا (ﷺ) هەیە کە نزیکەی هەمووان خۆشیان دەوێت: پێغەمبەری میهرەبان.. پێغەمبەری لێبووردە.. پێغەمبەری دەم بەخەندە.. پێغەمبەرێک کە بەزەیی بە بێهێزەکاندا دێت.

بێگومان هەموو ئەمانەش حەق و ڕاستن.

بەڵام پێغەمبەری خوا (ﷺ) هەر ئەو زاتەشە کە فەرمان و قەدەغەکراوەکانی خوای پێ گەیاندووین.

ئەو شتانەی پێ گەیاندووین کە نەفس حەزی لێیەتی، لەگەڵ ئەو شتانەش کە لەسەر نەفس قورس و گرانە.

میهرەبانییەکانی پێ گەیاندووین، لەپاڵ ئەرک و فەرزەکاندا. مژدەدەر بووە، لەگەڵ ئەوەشدا ترسێنەر و ئاگادارکەرەوە بووە.

⚠ **بۆیە:**

نابێت لە مێشکی خۆماندا وێنەیەک دروست بکەین و تەنها ئەو شتانەی لێ وەربگرین کە لەگەڵ ئارەزووی خۆماندا یەک دەگرێتەوە و، پاشانیش ناوی لێ بنێین **"خۆشەویستیی پێغەمبەر"!**

ئێمە بۆمان نییە ئەو پێغەمبەرە هەڵبژێرین کە لەگەڵ ئارەزووەکانماندا دەگونجێت؛ بەڵکو ئێمە شوێنی ئەو پێغەمبەرە دەکەوین کە خوای گەورە بۆی ناردووین.

**وەک خوای گەورە دەفەرموێت:**

﴿وَمَآ ءَاتَىٰكُمُ ٱلرَّسُولُ فَخُذُوهُ وَمَا نَهَىٰكُمۡ عَنۡهُ فَٱنتَهُواْۚ ﴾

(واتە: هەرچییەک پێغەمبەر بۆی هێنان ئەوا وەریگرن، وە لە هەرچییەکیش قەدەغەی کردن ئەوا لێی دوور بکەونەوە).

وە دەفەرموێت: ﴿قُلۡ إِن كُنتُمۡ تُحِبُّونَ ٱللَّهَ فَٱتَّبِعُونِي يُحۡبِبۡكُمُ ٱللَّهُ ﴾

(واتە: بڵێ؛ ئەگەر ئێوە خوای گەورەتان خۆشدەوێت، ئەوا شوێنی من بکەون تا خوای گەورەش ئێوەی خۆشبوێت).

## بەڵگەی ڕاستەقینەی خۆشەویستی! ♡ ✨

وردبەرەوە: خوای گەورە بەڵگەی خۆشەویستی تەنها لە قسەکردندا نەهێشتووەتەوە؛ بەڵکو فەرموویەتی:

﴿فَٱتَّبِعُونِي﴾ (شوێنم بکەون).

لێرەشدا ئەو پرسیارە دێتە پێشەوە کە لەسەر نەفسی خۆم لێی دەترسم..

من لە خۆم ناپرسم: ئەگەر پێغەمبەری خوام (ﷺ) ببینیایە ئایا خۆشم دەویست؟

چونکە ئەمە پرسیارێکی زۆر ئاسانە بۆ خەیاڵ، و هەموومان دەڵێین: بەڵێ.

بەڵام من دەپرسم:

**کاتێک فەرموودەیەکی سەحیحم پێ دەگات کە پێچەوانەی شتێکە کە من حەزم لێیەتی، چی دەکەم؟**

- ئایا دەڵێم: بیستمان و گوێڕایەڵ بووین؟ یان سەرەتا بەدوای کەسێکدا دەگەڕێم کە بۆچوونەکەی لەگەڵ ئارەزووەکەی مندا یەک بگرێتەوە؟
- وە ئەگەر زانیم کە هەڵەم کردووە... ئایا دەگەڕێمەوە؟ یان بەرگریکردن لە هەڵوێستەکەم لام خۆشەویستتر دەبێت لە گەڕانەوە بۆ سەر ڕێبازەکەی ئەو؟
- وە ئەگەر کەسێکی خۆشەویستم هەڵەی کرد... ئایا دادپەروەر دەبم؟
- وە ئەگەر حەق لەگەڵ نەیارەکەمدابوو... ئایا قبوڵی دەکەم؟

◇ وە ئەگەر سوننەتی پێغەمبەری خوا (ﷺ) دژی نەریتێک بوو کە لەسەری گەورە بووم... کامیان پێشدەخەم؟

ئەم پرسیارانە زۆر ڕاستگۆتر و واقیعیترن لە هەزاران پرسیاری گریمانەیی دەربارەی ئەوەی: (ئەگەر لە سەردەمی پێغەمبەرایەتیدا بژیاینایە چیمان دەکرد؟).

مەڵێ: ئەگەر لە سەردەمی ئەودا بوومایە...

زۆر ئاسانە خەیاڵی خۆمان بکەین کە لە ڕیزی هاوەڵاندایین. ژیاننامە (سیرە) دەخوێنینەوە لەکاتێکدا پێشوەختە دەزانین کێ لەسەر حەق بووە و کێ لەسەر باتڵ بووە، پاشان لە ناخی خۆماندا دەڵێین: (ئەگەر لەوێ بوومایە لەگەڵ ئەودا دەبووم!).

**⚠ بەڵام تاقیکردنەوەی تۆ بۆ ئەوێ نەنووسراوە..**
**تاقیکردنەوەکەی تۆ بۆ ئێرە نووسراوە!**

لە سەدەی بیست و یەکدا..

لەناو ماڵەکەتدا..

لەناو مۆبایلەکەتدا 📱 ..

لە ماڵ و سامانتدا 💰 ..

لە ئارەزووەکانتدا..

لە کێشە و ناکۆکییەکانتدا..

لە بازرگانییەکەتدا..

لە پەیوەندیت لەگەڵ هاوسەر و منداڵ و دایک و باوکتدا..

لەو قسانەیدا کە کاتی تووڕەیی دەینووسیت..

وە لەو فەرمووده سەحیحەیدا کە پێت دەگات و دواتر بۆت دەردەکەوێت کە پێچەوانەی ئەو شتەیە کە تۆ دەتەوێت.

**ئا لێرەدایە کە ڕاستگۆیی شوێنکەوتن دەردەکەوێت!** ⚖

بۆیە زۆر خۆت سەرقاڵ مەکە بەو پرسیارەی:

(ئایا ئەگەر لە سەردەمی پێغەمبەری خوادا (ﷺ) بوومایە پشتگیریم دەکرد و سەرم دەخست؟).

بەڵکو ئەو پرسیارە لە خۆت بکە کە ئێستا دەتوانیت وەڵامی بدەیتەوە:

**(ئایا کاتێک سوننەتەکەی و ئارەزووی خۆم پێچەوانەی یەک دەبن، سوننەتەکەی سەردەخەم بەسەر ئارەزوومدا؟)**

مەترسیدارترین بتەکان هەمیشە لە بەرد دروست نەکراون...

لەوانەیە مرۆڤ هەرگیز کڕنۆش بۆ هیچ بتێک نەبات؛ بەڵام بۆچوونەکەی هێندە لەلای خۆشەویست دەبێت کە هەرگیز نایەوێت لێی پەشیمان ببێتەوە.

یان جەماعەتەکەی لە سەرووی ڕەخنەگرتنەوە دەبێت لای.

یان شێخەکەی، حیزبەکەی، نەریتەکەی، کولتوورەکەی، یان بەرژەوەندییەکەی، دەبنە تەرازوویەک بۆ پێوانەکردنی دەقە شەرعییەکان، لەبری ئەوەی ئەوانە بە دەقەکان پێوانە بکات!

**لێرەشدا پێویستە لەسەر نەفسی خۆمان بترسین..**

چونکە ڕاستگۆیی لە شوێنکەوتنی پێغەمبەر ﷺ ئەو کاتە دەردەکەوێت کە «حەق» باجێکی لێت دەوێت.

ئەم باجەش مەرج نییە پارە بێت، بەڵکو زۆرجار باجەکە مەعنەوییە؛ بۆ نموونە: شکاندنی غروور و لووتبەرزیی خۆت، وازهێنان لە ئارەزوویەک کە زۆر حەزت لێیەتی، یان داوای لێبووردن کردن لە کەسێک کە قورسە بەلاتەوە. ئەگەر ئامادە بوویت ئەم باجە بدەیت لەپێناو ڕەزامەندیی خوادا، ئەوا تۆ بەڕاستی شوێنکەوتوویت

بەڵام ئەو حەقەی کە هەمیشە لەگەڵ ئارەزووی تۆدا یەک دەگرێتەوە، شتێکی ئەوتۆت دەربارەی ناخی خۆت بۆ ئاشکرا ناکات.

## تاقیکردنەوەکە ئەو کاتە دەست پێدەکات کە وەحی (قورئان و سوننەت) پێت دەڵێت:

- بوەستە... کەچی تۆ دەتەوێت بەردەوام بیت.
- لێی خۆشبە... کەچی تۆ دەتەوێت تۆڵە بکەیتەوە.
- دادپەروەر بە... کەچی تۆ ڕقت لە بەرامبەرەکەتە.
- لە قسەکەت پەشیمان ببەرەوە... لەکاتێکدا تۆ قسەکەت لەبەردەم هەزاران کەسدا ڕاگەیاندووە!

**ئا لێرەدا ئەم پرسیارە یەخەت دەگرێت:**

کێ لە دڵتدا گەورەتر و بەرزترە: حەق... یان نەفسی خۆت؟! ⚖️

## لە کۆتاییدا...

## گەورەترین بەڵگەی خۆشەویستی! ♡ ✨

من ناڵێم: "ئەگەر ئەمڕۆ پێغەمبەری خوا (ﷺ) بهاتایە، هەر ئەو کەسانەی کە بانگەشەی خۆشەویستیی دەکەن دژایەتییان دەکرد."

چونکە ئەمە شتێکە ڕووی نەداوە، وە منیش غەیب نازانم، وە حەزیش ناکەم ئامۆژگارییەک لەسەر قسەیەک بنیات بنێم کە نەتوانم بیسەلمێنم.

بەڵام دەتوانم شتێک بڵێم کە لەسەر نەفسی خۆم و لەسەر هەموو ئەوانەش لێی دەترسم کە پێغەمبەری خوایان (ﷺ) خۆشدەوێت:

**گرنگ تەنها ئەوە نییە کە لە پاش ئەو چی لەسەری دەڵێین، بەڵکو گرنگ ئەوەیە چۆن مامەڵە لەگەڵ ئەو ڕێبازەدا دەکەین کە بۆی جێهێشتووین.**

بێگومان ئایینەکە کامڵ بوو.

وە بە وەفاتی پێغەمبەر (ﷺ) وەحی پچڕا و کۆتایی هات.

بەڵام تاقیکردنەوەکە مایەوە..

قورئان مایەوە..

وە سوننەتە سەحیح و دروستەکەی مایەوە.

وە ئەو پرسیارەش مایەوە کە تاوەکو موسڵمانێک لەسەر ئەم زەوییە بمێنێت، بەردەوام دەبێت:

**؟ (ئەگەر زانیت خوا و پێغەمبەرەکەی چیت لێ داوا دەکەن... ئایا بەتەواوی تەسلیم دەبیت؟)**

لەوانەیە گەورەترین بەڵگە بۆ خۆشەویستیت ئەوە نەبێت کە بڵێیت: "خۆزگە لە سەردەمی پێغەمبەردا (ﷺ) دەژیام بۆ ئەوەی سەرم بخستایە."

بەڵکو گەورەترین بەڵگە ئەوەیە کە ئەمڕۆ، کاتێک ڕێبازەکەی پێچەوانەی ئارەزووت دەبێتەوە، لە ناخەوە بڵێیت: **(سَمِعْنَا وَأَطَعْنَا - بیستم و گوێڕایەڵ بووم).**

پاشانیش جیهاد لەگەڵ نەفسی خۆتدا بکەیت بۆ ئەوەی لەم قسەیەدا ڕاستگۆ بیت.

---

لە بڵاوکراوەکانی

ماڵپەڕی بەهەشت و وەڵامەکان

ba۸.org - walamakan.com

ئێرە سکان بکە